# باوولێ

نیگار نادر
2007/9/9

هاکا ڕۆژێک
سندووقه گچکەلۆکەکەی دڵم
بکرێتەوە
بەسەدان نامەو ئێمئێسێن و ئیمێل
بەگۆڕێ وەردەبن و بڵاوودەبنەوە

لێ دڵنیام
ئەڤی دێرێکیان لێ بخوێنێتەوە
یا هەرتک باڵان دەگرێ و دەفرێ
یا لەخۆشیان دەتوێتەوە

هەربینە ڕۆژەک
باوولیە چوکەڵەکەی ناو چاوەکانم
سەری لەسەر هەڵەدرێتەوە
بەسەدان وێنەو خەندەو نیگارو ڕەنگت
وەدەردەکەون و هەڵدەرژێنەوە

لێ لێم ڕوونە
هەرکەس چاوەکیان پێداخشێنێ
یا لەرووح ڕا  لەبەریەک هەڵدەوەشێ
یا ناوی خۆی لەبیردەچێتەوە

هاکا ڕۆژەک
سندووقە ڕەشەکەی ناو سەرم
سەری لێ ئاوەڵابێتەوە
بەلێشاو  زەنگی تەلفۆن و  تەکس و
ووشەی تۆ
لەهەوای دا پەرش و بڵاودەبنەوە

لێ بەسەری چیایەکان
پاش تۆ
سندووقیکم نامێنێ
سەری لەسەر ڕۆنەرێتەوە.

باوولێ: بەجانتایەک دەگووتری لەشیوەی سندووق دابی